# *Baroqe*

ووشه ی(Baroqe) ناوی یەکێکە لە سەردەمە موزیکییە گرنگەکان لە دنیای موزیکدا وەک ئاشکرایە موزیک وەک هەریەک لە هونەرەکانی دی بە پێی رەوتی مێژوو بە سەر چەند قۆناغێکی مێژوویی جیاوازدا دابەش بووە ، کە هەر یەک لەو قۆناغانە بە سەردەمێکی موزیکی دەناسرێ . (Baroqe)یا ( بارۆک ) یەکێکە لە سەردەمە موزیکییەکان کە مێژووی سەرهەڵدانی بە پێی سەرچاوە مێژوو ییکان لە ساڵی1600 دەست پێدەکات وەساڵی 1750 کۆتایی ئەم سەردەمە موزیکییە دەبێت . هونەری موزیک لەم سەردەمە موزیکییەدا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لە زۆربەی بوارەکانیدا ، وەک گەشەکردن و فراوان بوونی زۆر لە فۆرم و بۆتە موزیکییەکان ، بەتایبەتی فۆرمە موزیکییە مرۆییەکانی وەک نمونەی ( کۆراڵ ، ئۆپێرا ) ، دواتر سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چەندین ئنسترومێنتی موزیکیی نوێ ی وەک ( فلوت ، کلارنێت ،ڤایۆلین ، ڤیۆلا ، چەلۆ ، کۆنتەرباس ، ئۆرگی کەنیسە ...) ، ئەمە جگە لەوەی کە یەکێک لە سیماو ئەدگارە دیارەکانی موزیکی ئەم سەردەمە بریتیبووە لە جوانکاری و ڕەنگاڵەیی ئاوەزەکان . کاتێک کە باس لەم سەردەمە موزیکییە دەکرێت ڕاستەوخۆ دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی کەڵە موزیکییەکانی ئەو سەردەمە بکرێت کە لە ناودار ترینیان ( باخ ) ، ( هاندڵ ) ، ( ڤیڤاڵدی ) ، ( مۆنتڤردی ) ، بوون کە سەرجەم شاکارە موزیکییەکانیان تا ئەمڕۆش لە بەناوبانگترین زانکۆو دانشتگا موزیکییە کانی دنیادا وەک پرۆگرامێکی ئاست بەرزی موزیکی دەخوێنرێن .

Muzic-Chrakan
2005